# بەرهەمێکی دیکەی فڕۆکـەخانەی 2ی نێــ



# نێچیرڤان بارزانی
# ـــودەوڵەتی هەولێرە EIA





**فرۆکەخانەی دووەمی نێودەوڵەتی هەولێر(ئەربیل)- بەو بەندەرە ئاسمانییە دادەنرێت، کەدوو جیهان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش جیهانی رۆژهەڵاتی دوورو رۆژئاوایە**

**هەولێر بەشارێکی گرنگی ترانزێت دادەنرێت و لەرووی هێڵی ئاسمانییەوە پێگەیەکی گرنگتری لەدوبەی هەیە، چونکە ٥٠٠ کیلۆمەتر نزیکترە لەرۆژئاواوە**

## رێگای ئاوریشمی هێڵە ئاسمانییەکان

گەر فرۆکەخانەی یەکەمی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ بەستنەوەی کوردستان بوو بەجیهانەوەو، هەرێمەکەی لەپێگەیەکی جوگرافیا داخراو کردە هەرێمێکی کراوە، ئەوا فرۆکەخانەی دووەمی نێودەوڵەتی هەولێر(ئەربیل) بەو بەندەرە ئاسمانییە دادەنرێت، کەدوو جیهان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش جیهانی رۆژهەڵاتی دوورو رۆژئاوایە. **سەمیر عەبدوڵا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار** لەدیمانەیکی گوڵاندا ئاماژەی بەنزیکبوونەوەی کردنەوەی فرۆکەخانەی دووەمی نێودەوڵەتی هەولێر کرد، کەبڕیارە لەچەند مانگی داهاتوو ئەو فرۆکەخانە نوێیە بکرێتەوەو ئەمەش بەدەستکەوت و بەرهەمێکی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت و رۆڵی لە پێشکەوتنی ئابووری و کرانەوەی زیاتری هەرێمەکە بەرووی دەرەوە دەبێت و، بوونی ئارامی و ئاسایش لەپاڵ ئەو تەکنەلۆژیاو تەکنیکی و ئەندازیارە پێشکەوتووەدا کە لەدروستکردنی فرۆکەخانەکە بەکارهاتووە، وایکردووە فرۆکەخانەکە بەیەکێك لەهەرە فرۆکەخانە گەورەو گرنگەکانی ناوچەکە دابنرێت.

گرنگی بنیاتنانی فرۆکەخانە نێودەوڵەتییەکان لەبەندەر دەریاییەکان زیاترە، ئەو گەشتیارەی بەرێگای دەریایی بە ٣ رۆژ دەگاتە شوێنی مەبەست بەرێگای ئاسمانی بەکەمتر لە٦ کاتژمێر گەشتەکەی ئەنجام دەدات، رێگای ئاسمانی بەنزیك کرتنەوەی رێگا دوورەکان ناودەبرێت، ئەمواتا وڵاتی ئیمارات گەورەترین بەندەری دەریایی هەیە، بەڵام پشتی بەفرۆکەخانە بەستووە، بۆ ئەم مەبەستەش لە ٢٠١٠ گەورەترین پرۆژەی فرۆکەخانە لەجیهاندا لەو وڵاتە دەکرێتەوە، لەفرۆکەخانەی دوبەی ١ رۆژانە ٥٠ هەزار گەشتیار ترانزێت دەکرێن و بڕیاریشە فرۆکەخانەی ٢ وەمی ئەو وڵاتە زۆر زیاتر گەشتیار لەخۆ بگرێت، لەم روانگەیەوەو لەگەڵ سەرکەوتنی کردنەوەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو زیادبوونی ژمارەی فرۆکەو گەشتیارەکان، کەبەهۆی باشبوونی بارودۆخی ئەمنی و ئابوورییەوە کەوتەوە، واپێویست دەکرا پرۆژەی دووەمی بنیاتنانی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ئەنجام بدرێت.

فرۆکەخانەی دووەمی نێودەوڵەتی هەولێر کەمەزەندە دەکرێت لە ٧٠٠٪ جیاوازتر بێت لەفرۆکەخانەی یەکەمی نێودەوڵەتی هەولێرو، بودجەی ٣٠٤ ملیۆن دۆلاری لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بوتەرخانکراوە، ئەم فرۆکەخانە نوێیە بەبەرهەمێکی کابینەی پێنجی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەو کابینەیە دادەنرێت، ئەوحکومەتە نەچوو فرۆکەخانەی سەربازی دامەزرێنێت، بەڵکو رووی کردە کاری مەدەنی و شارستانی و، بەمۆدێرترین دیزاین جوانترین و گەورەترین فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی کردە دیاری بۆ هاوڵاتییان، لەو روانگەیەی هەموو شارێکی گەورەو پێشکەوتوو کە روو لەئاوەدانکردنەوەو گەشەی بازرگانی و ئابووری بکات پێویستی بەفرۆکەخانەی گەورەو باش هەیە، کەپشت بەتازەترین تەکنیك و شارەزایی جیهانی ببەستێت.

دروستکردنی دوو فرۆکەخانەو تەواوبوونی فرۆکەخانەی دووەم دەچێتە چوارچێوەی کارە گەورەکانی تری کابینەی پێنجەمی حکومەت، وەکو کارەکانی تری دروستکردنی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەباو دەرهێنان و ناردنەدەرەوەی پێترۆڵ و راکێشانی ئاوی خواردنەوەو کارکردن بۆ دابینکردنی ژینگەی وەبەرهێنان و دەیان دەستکەوت و کاری تری گەورەو ستراتیژی، کەهەمووی وایکرد کوردستان و هەولێر پێگەیەکی ستراتیژی لەخۆرهەڵاتی ناوەراستدا بەدەست بهێنێ و داهاتی تاکەکەسی بەرزبێتەوەو ئاڵوێرە بازرگانییەکان زیاد بێت، بەمەش پێشبینی زیادبوونی گەشتیاران بۆ سەروو ٥٠٠ هەزار گەشتیار دەکرێت، دوای ئەوەی لەساڵانی رابردوو کێرڤی ژمارەی گەشتیارانی رۆیشتن و هاتن لە فرۆکەخانەی یەکەمی نێودەوڵەتی هەولێر رووی لەبەرزبوونەوە کردوو لەساڵی٢٠٠٦ زیاد لە٢٠٠هەزار گەشتیارو لە ٢٠٠٨ گەیشتە ٣٠٠ هەزار کەس و لە٢٠٠٩ بووە ٣٥٠ هەزارو پێشبینیش دەکرێت لەگەڵ کردنەوەی (فرۆکەخانەی دووەمی نێودەوڵەتی ئەربیل) ئەم ژمارەیە بۆ نزیکەی یەك ملیۆن گەشتیاری رۆشتوو هاتوو زیاد بێت، بەتایبەتی گەر بێتوو کەرتی گەشتوگوزاری سروشتی و شوێنەوارو ئاینی پەرەی پێ بدرێت کەتەنیا لەساڵی رابردوو ژمارەی گەشتیاران لەهەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی گەیشتبووە ٣٠٠ هەزار گەشتیارو ژمارەی بازرگان و بیزنسمان

### سەمیر عەبدوڵا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:

# لەچەند مانگی داهاتوو فرۆکەخانەی دووەمی نێودەوڵەتی هەولێر دەکرێتەوە

و کارمەندانـــی بیانیـــش رووی لەزیادبـــوون کـــردووەو هەرێمی کوردســـتانیش کەمتر نییە لەبارودۆخی ئابووری و گەشتوگوزارو ئارامی ناوچەکانی تر بۆ نموونە تەنیا لەساڵی ٢٠٠٨ ژمارەی گەشتیارانی فرۆکەخانەی ئەتاتورك لەبەشی ئەورووپای ئەستەنبوڵ گەیشتۆتە ٢٥ ملیۆن گەشتیار.

هەولێـــر تەنیا کۆنترین شـــار نییـــە کەتاکو ئێستا ژیانی تێدا بەردەوامە، بەڵکو پایتەختی کوردستانی باشوورەو بەیەکێك لەگەورە شارەکانی عێراق دادەنرێت و، ژمارەی دانیشـــتووانەکەی زیاتر لەیەك ملیۆن و ٣٠٠ هەزار کەســـەو،لەم ســـاڵانەی دوایدا بووە پایتەختی سیاســـی و ئابووری کوردســـتان و پێگەیەکی ستراتیژی گرنگـــی لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراســـت داگیرکـــردووە، پێشـــبینی دەکرێـــت لەدوای کردنەوەی ئەم فرۆکەخانەیە کەدەکەوێتە دووری ٧ کیلۆمەتر لەســـەنتەری شـــاری هەولێرەوە، بەتایبەتـــی بەهۆی پێکەی جیوگرافیایی ئەم شـــارەوە کەدەکەوێتە ناوەندی گەیاندنی هێڵە ئاســـمانییەکان بەیەکترەوەو لەســـەر هێڵی ٣٦ باکوورو ٤٦ رۆژهەڵاتە، بەمەش هەڵکەوتەی جیوگرافیایی شـــارەکەو فرۆکەخانەی (١ و ٢ ) کە تەنیشـــت یەکترن، بەباشـــترین پێگە دادەنرێت بۆ ترانزێت و گەیشتن بەفرۆکەخانە دوورەکانی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا لەلایەك و باشـــوورو باکوور، بەرادەیـــەك دەکرێت پێی بڵێین رێگای ئاوریشـــمی هێڵە ئاسمانییەکان، لەلایەکـــی ترەوە بەکردنـــەوەی (فرۆکەخانەی دووەمی نێودەوڵەتـــی ئەربیل ) و تەواوبوونی یەکێك لەگەورەترین فرۆکەخانەکانی عێراق کە لە پۆلێنکردنـــی فرۆکەخانە نێودەوڵەتییەکانی جیهان لەئاستی پێنجەمین فرۆکەخانە دادەنرێت و، بەئاســـانی دەتوانرێت بۆســـەرجەم وڵاتانی جیهان گەشت بکرێت بەتایبەت بۆ فرۆکەخانە نێودەوڵەتییە ئەورووپییەکانی وەکو (ئەســـینا-یونان و ئەڵمانیاو فرانکفورد وسویسراو میونخ و هۆڵەنداو ئەمستردام و کوبنهاگن و ستوکهۆڵم و لەنـــدەن ..) هەروەها پایتەختەکانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسیا وەکو( دیمەشق و تاران و ئەنقەرە-ئەستەنبوڵ و دوبەی و عەمان و تەهران و مالیزیاو..) لەناوخۆی عێراقیشدا گەشـــت بۆ بەغدا کەبـــە ئوتۆمبێل بە٨بۆ ٩ کاتژمێر دەبێت و ٤٠٠ کیلۆمەتر دوورە لەشاری هەولێـــرەوە بەفرۆکە بـــۆ٥٠ دەقیقە رێگاکە کورت دەکرێتەوەو، گەشـــتیارەکان دەتوانن بەو ماوەکورتە بگەنە فرۆکەخانـــەی نێودەوڵەتی بەغدا کەلەکۆتایی حەفتاکان دروستکراوە.

بەتەواوبوونی ئـــەم فرۆکەخانە نێودەوڵەتییەی هەولێـــر، هەرێمی کوردســـتان دەبێتە خاوەنی باشـــترین فرۆکەخانـــە لەســـەرجەم عێراقدا، دوای ئـــەوەی فرۆکەخانەکانـــی تر بەهۆی خراپـــی بارودۆخی ئەمنی یاخـــود نەبوونی پێوەری نێودەوڵەتی ژمارەی گەشـــتیارەکانی کەمبوونەتەوە، هەر وەکو چۆن لەفرۆکەخانەی موسڵ دەبینرێت و ئەو فرۆکەخانەیە پێویستی بەپەرەپێـــدان هەیـــە، یاخود خراپـــی و کۆنی فرۆکەخانەی بەســـرە کەلەکۆتایی شەستەکان بنیاتنراوەو کاری نوێکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی بـــەلاوازی تێـــدا ئەنجـــام دەدرێت..ئەمانـــە هەمووی وادەکەن گەشتکردن بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتـــی هەولێـــر باشـــتر بێـــت. لەناو فرۆکەخانەکەشدا کەباشـــترین تەکنەلۆژیاو رادارو درێژی و پانـــی فرگەو تێرمێناڵ و خزمەتگوزارییەکانی بازاری ئازادو کافتریاو چێشتخانەو سیستەمەکانی جانتاو زانیاری گەشت و فریاگوزاریی و پردی تێرمێناڵی.. تێدایە، گەورەیی و پێشکەوتوویی ئەندازیاری و تەکنەلۆژیی و سیســـتەم فرۆکەخانەکەی بەرادەیەکـــە پێشخســـتووە، فرۆکەخانەکەی خستۆتە ئاستی فرۆکەخانەکانی ئەتاتورکی ئەســـتەنبوڵ و میونخـــی ئەڵمانیاو دوبەیی ئیمـــارات و لوبنان و ئەمســـتردام. درێژی فرگـــەی فرۆکەخانەی نوێی هەولێر ٤٨٦٠ مەترەو پانییەکەی ٩٠ مەترە، کەبەیەکەمین فرگە دادەنرێـــت لەجیهاندا لەرووی پانتایی رێرەوی فرگەکەوە .

بەتەواوبوونـــی ئـــەم پرۆژە ســـتراتیژییەی فرۆکەخانەی دووەمـــی نێودەوڵەتی هەولێر یارمەتی نیشـــتنەوەی فرۆکەی زەبەلاحی لەجـــۆری (ئێرباســـی - ٣٨٠)ی ٦٣٥ گەشـــتیاری دەدات و، هەموو فرۆکەیەکی کارگۆی بارهەڵگری گەورە( Carqo ) لەجۆری ئەنتۆنۆڤ و ئیلۆژەنی و بیونگی ٤٠٠، ٧٤٧ دەتوانێت بەئاسانی بنیشێتەوە . فرۆکەخانەکە لەیەك کاتدا توانای وەرگرتنی ١٣ فرۆکـــەو ٥ فرۆکـــەی بارهەڵگـــری هەیـــەو دەیان خاڵی بـــاش و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی لەخۆ گرتووە..

هەولێر بەشارێکی گرنگی ترانزێت دادەنرێت و لـــەرووی هێڵی ئاســـمانییەوە پێگەیەکی گرنگتـــری لەدوبەی هەیـــە، چونکە ٥٠٠ کیلۆمەتر نزیکترە لەرۆژئاواوە.

**فرۆکەخانەی دووی نێودەوڵەتی ئەربیل کەمەزەندە دەکرێت ٧٠٠٪ جیاوازتر بێت لەفرۆکەخانەی یەکەمی نێودەوڵەتی هەولێر ، بودجەی ٣٠٤ ملیۆن دۆلاری لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بوتەرخانکراوە**

**فرۆکەخانەی نوێی نێودەوڵەتی هەولێر لەیەک کاتدا توانای وەرگرتنی ١٣ فرۆکەو ٥ فرۆکەی کارگۆی بارهەڵگری هەیە**



ئارامـــی وای لەهەرێمەکـــە کـــردووە هەنـــگاوی خێراو گـــەورە بنێت، ئەوەتا **ئەندازیار ناســـر ناسـر لەفڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بەگوڵانی راگەیاند:** ژمارەی گەشـــتیارانی رۆیشتن و هاتن لە فڕۆکەخانەی یەکەمـــی نێودەوڵەتی هەولێر لەســـاڵی ٢٠٠٨ گەیشتە ٣٠٠ هەزار کەس و لە٢٠٠٩ بووە ٣٥٠ هەزارو پێشـــبینیش دەکرێت لەگەڵ کردنەوەی فڕۆکەخانەی دووەمی نێودەوڵەتی ئەربیل ئەم ژمارەیە بۆ ٥٠٠ هەزار گەشـــتیار زیاد بێت، لەم روانگەیەوە فڕۆکەخانەی ٢ وەمی نیودەوڵەتـــی هەولێر لە هۆڵی گـــەورەی گەشـــتیاران و تێرمینـــاڵ پێکهاتووەو دەتوانێت ٢٧٥٠ گەشـــتیار لەخۆ بگرێت، لەناو ئـــەم فڕۆکەخانەیە ١٦ دەروازەی دەرچوون هەیە کە٦ دانەیان بەشـــێوەی پردە، هاوکات ١٤ کابینەی پاســـاپۆرت و ١٦ دەروازەی دەرچـــوون ..گرنگتریـــن هـــۆکاری زیادبوونـــی گەشـــتیاران بۆ ئارامی و سەقامگیری هەرێمەکە دەگەڕێتەوە کەلەچەند ساڵی رابردوو بـــەراورد بەبارودۆخەکانی عێراق و ناوچەکەو رۆژهەڵاتی ناوەراســـت زۆر

**ژمارەی گەشتیارانی رۆیشتن و هاتن لە فڕۆکەخانەی یەکەمی نێودەوڵەتی هەولێر لەساڵی ٢٠٠٨ گەیشتە ٣٠٠ هەزار کەس و لە٢٠٠٩ بووە ٣٥٠ هەزارو پێشبینیش دەکرێت لەگەڵ کردنەوەی فڕۆکەخانەی دووەمی نێودەوڵەتی ئەربیل ئەم ژمارەیە بۆ ٥٠٠ هەزار گەشتیار زیاد بێت**

**سەقامگیری و پێشکەوتنی سەنتەری سیاسی و ئابووری کاردانەوەی خۆی لەسەر سەرکەوتنی پرۆژە ستراتیژو گەورەکان هەیە لەناویاندا پرۆژەی فڕۆکەخانەی ٢ی نێودەوڵەتی هەولێر**

ئارامترو هێمن تر بووەو ئاستی ئاڵووێرە بازرگانییەکان زیاتر بووەو ئاوەدانکردنەوەو پرۆژەکانی نیشتەجێبوونی وەکو تارین هێلزو گوندەکانی ئینگلیزی و ئیتاڵی ودەیان پرۆژەی تر هەموویان وایانکرد بارودۆخەکە بگواسرێتەوە بۆ باشتر.

**فرۆکەخانەی٢ نێودەوڵەتی ئەربیل لەئاست پایتەختی سیاسی و ئابووری کوردستاندایە**

کاتێك لەشاری هەولێر ئەو جموجوڵە سیاسی و بازرگانی و ئابووری و رۆشنبیرییە دەبینین، کاریگەری و شوێنەواری لەسەر هەموو شارو ناوچەکانی تری هەرێمەکە دەبێت، سیاسەت و ستراتیژییەتی هەنگاونان بەرەو ئابووری بازاڕو بەشداریپێکردنی کەرتی تایبەت و هەوڵدان بۆ راکێشانی گەورە کۆمپانیا ناوخۆیی و عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان لەبنەما سەرەکییەکانی ئەو ستراتیژییەتەیە کە ئێستاکە بەرەو کامڵ بوون و جێبەجێکردن هەنگاوی بۆ دەنرێت، ئەمەش لەلایەك پێویستی بەفرۆکەخانەیەکی مودێرن و پێشکەوتوو هەیە بۆ نزیکبوونەوەی ماوەکان و کرانەوە بەرووی وڵاتانی پێشکەوتوو، لەلایەکیش سەقامگیری و پێشکەوتنی سەنتەری سیاسی و ئابووری کاردانەوەی خۆی لەسەر سەرکەوتنی پرۆژە ستراتیژو گەورەکان هەیە لەناویاندا پرۆژەی فرۆکەخانەی ٢ی نێودەوڵەتی هەولێر.

**سەمیر عەبدوڵا مستەفا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار ئاماژەی بەچەند زانیارییەکی نوێ کرد کەبۆ یەکەمینجارە گوڵان لەناو میدیا و کەناڵەکانی راگەیاندنەوە لەسەر فرۆکەخانەی دووەمی نێودەوڵەتی هەولێر بڵاوی دەکاتەوەو لەم راپۆرتەدا پووختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە:**

کاتێك لە ٢٠٠٣/٧/١ بۆ یەکەمینجار بەردی بناغەی فرۆکەخانەی یەکەمی نێودەوڵەتی هەولێر دانراو دواتر لە ١٢/٧ ٢٠٠٤ یەکەمین فرۆکەی گەشتیاری نیشتەوە، کە گروپێکی بیزنسمانی بازرگانی لەخۆگرتبوو لەوڵاتی ئیمارات هاتبوو، ئەمە بەخاڵی وەرچەرخان لەبواری گواستنەوەی ئاسمانی دادەنرا، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەرەو باشتر پێویست بەوە دەکرا فرۆکەخانەی نوێی نێودەوڵەتی هەولێر بنیات بنرێت، بەهەوڵ و کۆششی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی کابینەی پێنجی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەبنیاتنانی ئەم پرۆژە گرنگە کرا، پرۆژەکە سەرجەم سیستەمە پێشکەوتووەکانی فرۆکەخانە نێودەوڵەتییەکان لەخۆ دەگرێت، لەوانە سیستەمی نیشتنەوەی ئەلەکترۆنی کەلە فرۆکەخانە پێشکەوتووەکانی فرانکفۆرت و هیسرۆ و میونخ بەکاردەهێنرێت کاتێك تەم و بەفر ڕێگا نادەن بەبینینی فڕگەکە ئەو سیستەمە بەکار دەهێنرێت.

بودجەی تەرخانکراو بۆ تەواوبوونی پرۆژەکە ٣٠٤ ملیۆن دۆلارەو کۆمپانیاکانی مایکویڵ جەنگیزی تورکی و سکۆت وڵسنی بەریتانی دیزاینی بۆ کراوەو لەشێوەی فرۆکەخانەی میونخ دایەو درێژی فڕگەکەش ٤٨٦٠ مەترەو پانیشی ٩٠ مەترەو لەهەردوو لاوە یارمەتی نیشتنەوەی بەرز دەدات، ئەم سیستەمە

**پێشبینی دەکرێت لەماوەی ١٠٠ رۆژدا ئەو پرۆژە گەورەیە وەکو بەرهەمێکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوبێت**

**حکومەتی هەرێم نەچوو فرۆکەخانەی سەربازی دامەزرێنێت، رووی کردە کارە مەدەنی و شارستانی و، بەمۆدێرترین دیزاین جوانترین و گەورەترین فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی کردە دیاری بۆ هاوڵاتییان**






**درێژی فڕگەی فرۆکەخانەی نوێی هەولێر ٤٨٦٠ مەترەو پانییەکەی ٩٠ مەترە، کەبەیەکەمین فرگە دادەنرێت لەجیهاندا لەرووی پانتایی ڕێڕەوی فڕگەکەوە**

**بینایەی تێرمینالٚ ٧٢٠٠ مەتر دووجایە و بینایەی میوانانی تایبەت ٢٠٠٠ مەترو بینایەی کارگۆ (بارهەڵگر) ٤٥٠٠ مەترو- بینایەی سەرەکی ئاسایش ٣٨٧٢ مەترو یەکەی ئۆپەرەیشن١٣٠٠ مەترو گەراچی بنکەی ئاگرکوژێنەوە ٣٢٥ مەتر**

بۆ کاتی تەم و مژوو تۆزو خۆڵ زۆر گرنگە، لەتــاوەری فرۆکەخانەکەش کە ٣٩ مەتر بەرزە ســەرجەم ئامێرو سیســتەمەکانی پەیوەندیکــردن و کۆنتــرۆڵ و رووناککردنــەوەی فڕگەکــەی تێدایــە ئەمــە جگە لەسیستەمی زانیاری کەشناسی، بۆ چاودێریکردنی ئاســمانی هەرێمیش حکومەتی هەرێم بــڕی ٢٨ ملیۆن دۆلاری دابینکردووە بۆ دامەزراندنی راداری پێشــکەوتوو کەلەماوەی ١٤ مانگ ئەو سیســتەمە کۆتایی دێت و دەچێتە بواری کارکردنەوە..

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار تیشکی خستەسەر گرنگترین خاڵی سەرکەوتنی فرۆکەخانە، ئەویش پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایشــی فرۆکەخانەکەو ئاسایشی ئەو شــارەیە کە نزیکە لەفرۆکەخانەکەوە لەمبارەیەوە پێی وایە: بوونی ئارامی و ئاسایش لەپاڵ ئەو تەکنەلۆژیاو تەکنیکی و ئەندازیــارە پێشــکەوتووەدا وایکردووە فرۆکەخانەکە بەیەکێك لەهەرە فرۆکەخانە گەورەو گرنگەکانی ناوچەکە دابنرێت، بۆیە هێڵە ئاسمانییەکانی (رۆیاڵ جوردین و نەمساوی و ئەتڵەس جیوردن دەستیان بــەکار کردووەو هەریەك لــە لوفتانزا و فــلای دوبــەی (- Fly Doubai luf thansa)کەبەناوبانگتریــن هێڵە ئاســمانییەکانە لەگەڵ کردنەوەی فرۆکەخانە نوێیەکە دەست بەگەشتەکانیان بۆ شاری هەولێر دەکەن.

بەپێــی پلانی فرۆکەخانــەی دووەمی نێودەوڵەتی ئەربیل بــواری فراوانکردن




و گەورەکردنی تێدایە، تەنانەت لە ماستەر پلانی فڕۆکەخانەکەدایە گوندی هەڵگری فڕۆگە دابمەزرێت، لەسیاسەتی حکومەتیشدایە پلان و بەرنامە بۆراکێشانی گەشتیاران داڕێژێت تاوەکو ساڵانە ژمارەی گەشتیاران بۆ سەروو لە ٥٠٠ هەزار گەشتیار بەرز بکاتەوە .

**لەهەولێرەوە بۆ هەموو جیهان**

ئێستاکە زۆربەی کارەکانی فڕۆکەخانەی ٢ی نێودەوڵەتی هەولێر تەواوبووە، پێشبینی دەکرێت لەماوەی ١٠٠ ڕۆژدا ئەو پرۆژە گەورەیە وەکو بەرهەمێکی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوبێت، بەکردنەوەی ئەم فڕۆکەخانەیە هەلەکانی گەشەسەندنی کەرتی گواستنەوەی گەشتیارو کەلوپەل بەڕێگای ئاسمانی خێرا لەهەرێمی کوردستان فراوانتر دەبێت و، کۆمپانیاکانی تایبەتمەند بەمبوارە هەلی نوێیان دەستدەکەوێت و کەرتی گواستنەوەو تۆڕەکانی ئاسمانی دەچنە قۆناغێکی نوێی کێبرکێکردنەوە، لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی فڕۆکەخانەکانی نێودەوڵەتی و راکێشانی تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاسمانی، ئەمە جگە لەدۆزینەوەی هەلی کارو هێنانە ناوەوەی دراوی گرانبەهای دۆلارو کەمکردنەوەی تێچوونەکان و کورتکردنەوەی ماوەکان و تێکەڵکردنی کلتوورو رۆشنبیرییەکان، کەبۆ پێشخستن و پەرەپێدانی ئابووری و لایەنی مەعریفی و زانستی پێویستن.

**لە فڕۆکخانەی ٢ی نێودەوڵەتی هەولێر گۆڕەپانی ئەپڕۆنی (وەستانی فڕۆکەی گەشتیاران) ١٦٦٦٠٠ مەتر دووجاو وەستانی فڕۆکەی بارهەڵگر (کارگۆ) ٥٦٠٠ مەتر**

**ئەم پرۆژە ستراتیژییەی فڕۆکەخانەی دووەمی نێودەوڵەتی هەولێر یارمەتی نیشتنەوەی فڕۆکەی زەبەلاحی لەجۆری (ئێرباسی – ٣٨٠) ی ٦٣٥ گەشتیاری دەدات و، هەموو فڕۆکەیەکی کارگۆی بارهەڵگری گەورەی لەجۆری ئەنتۆنۆف و ئیلۆژەنی و بیونگی ٤٠٠، ٧٤٧ دەتوانێت بەئاسانی بنیشێتەوە**